# ڕیچارد فینمان: پەیوەندی زانست و ئایین.          وەرگێڕانی: شێرکۆ ڕەشید قادر.



ڕیچارد فینمان (1918 – 1988)، زانای گەورەی فیزیکی سەدەی بیستەم، کە هەمیشە مەبەستی بو هەم کارە زاسنتییەکانی و هەم بیرکردنەوەی زانستییانەی خۆی بە زمانی سادە بگەیەنێتە ناو خەڵک، زانایەک بو زۆر مەیلی ناو خەڵکی هەبو، زۆر لە گوتارەکانی سەرەتا بریتی بون لە فۆرمی قسەکردن و لەسەر کاخەز خۆی بۆ ئامادە نەکردون. لەم گوتارەدا، مێزگەردێکی خەیاڵی دروستدەکات و بیروڕا جیاوازەکانی زانایان و پیاوانی ئایین پێشکەشدەکات، خاڵە تەباکان و ناکۆکەکانی نێوان زانست و ئایین تاوتوێ دەکات. ڕێچکەکانی گەڕان لە دوی هەقیقەت لای هەردو لا باسدەکات.

## هەندێک ڕامانی نوێ لەمەر پرسێکی کۆن

لەم چەرخی تایبەتمەندیەدا، خەڵکانێک کە هەموو شتێک لە بوارێک دەزانن زۆرجار ئەو کەفائەتەیان نییە کە وتووێژ لەمەڕ شتێکی تر بکەن. هەر لەبەر ئەم هۆیە بوە کە پرسی گەورەی پەیوەندی نێوان بوارێک و بوارێکی تری چالاکی مرۆیی کەمتر و کەمتر لە ناوەندە گشتیەکاندا مشتومڕی لەمەڕ کراوە. کاتێک ئاوڕ لە ڕابردو دەدەینەوە و سەیردەکەین کە گفتوگۆی مەزن سەبارەت بەم بابەتانە هاتوەتە ئاراوە، ئنسان ئیرەیی بەو ڕۆژگارە دێت، چونکە حەزمان لە جۆش و خرۆشی ئەو مشتومڕانە دەبو. پرسەکانی ڕابردو، وەک پەیوەندی نێوان زانست و ئایین، هەتا ئەم ڕۆژەش لەگەڵماندا دەژین و من باوەڕم وەهایە کە لە حاڵی حازردا لە هەموو سەردەمەکان پڕ گرفتتر و سەختترە، بەڵام زۆربەی جار لە ناوەندە گشتیەکاندا نەبوەتە مایەی گفتوگۆ، ئەمەش، هۆکەی دەگەڕێتەوە بۆ سنورەکانی تایبەتمەندی.

خۆم لە دێرزەمانەوە خولیای ئەم پرسە چوەتە مێشکمەوە و حەزدەکەم موناقەشەی بکەم. لەبەر ڕۆشنایی نەبونی ماریفەتی تەواو و تێگەیشتنم لە ئایین(نەبونی ماریفەتێک کە زیاتر بەرەو پێش هەنگاو دەنێین زیاتر بەدەردەکەوێ)، موناقەشەکە بەمجۆرە ڕێک دەخەم: وەهای دادەنێین کە نەک مرۆڤێک، بەڵکو گروپێک لە خەڵک پرسەکە گفتوگۆ دەکەن، بە جۆرێک کە گروپەکە پێکهاتوە لە چەند تایبەتمەندێک لە هەمو بوارە جیاجیاکاندا – ڕشتە جیاجیاکانی زانست، ئایینە جیاجیاکان و هەروەها..- هەروەک مێزگەردێک، لە چەند لایەنێکەوە پرسەک موناقەشە دەکەین، هەر کەس ڕای خۆی نمایش بکات، دواییش بە گفتوگۆ، لەوانەیە بەرجەستە ببێت و دەستکاری بکرێت. لەوەوە، من وەها تەسەوەر دەکەم کە لای هەموانەوە کەسێک هەڵدەبژردرێت بۆ ئەوەی وەک یەکەم کەس قسە بکات و بیروڕای خۆی بخاتەڕو.

مێزگەردەکەتان وەها پێشکەش دەکەم کە سەرەتا لاوێک دەست پێدەکات، ئەم لاوە لە خێزانێکی ئایینیدا پەروەردە بوە و گەورە بوە، سەرقاڵی خوێندنی زانستە، ئاکامەکەی دەبێت بە هۆی دروستبونی گومان لای ئەم لاوە – لەوانەشە دوایی ببێتە کەسێکی بێ بڕوا –بە خوداوەندی بابی، واتە ئیمانی بەو خودایە نابێت کە بابی بڕوای پێیەتی. ئەم پرسە لە خۆیدا نمونەیەکی دابڕاو نییە، جار جارە ڕودەدات و دوبارە دەبێتەوە، هەرچەندە هیچ ئامارێکم لەمەڕ ئەم بابەتە لە بەردەستدا نیە، بەڵام وەهای بۆ دەچم کە زۆر لە زانایان – لە هەقیقەتدا باوەڕم وایە کە نیوەی زیاتر لە زانایان باوەڕیان بەو خوادیە نییە کە بابیان ئیمانیان پێی هەیە؛ واتە باوەڕیان بە خودا بە چەمکە تەقلیدیەکەی نییە.

لێرەدا، چونکە باوەڕبون بە خوداوەند سیمای سەرەکی ئایینە، ئەم پرسەی کە من هەڵم بژاردوە، زۆر بە زەقی پەیوەندی ئایین و زانست دەخاتەڕو. ئەم لاوە بۆچ گەیشتە ئەم وەزعەی کە ببێتە کەسێکی بێ ئیمان؟

وەڵامی یەکەم کە دەشێت گوێمان لێ بێت زۆر سادەیە: وەک دەزانین، ئەوەیە کە لە زانایانەوە فێربوە و (هەروەک ئیشارەمان پێدا) ئەمانیش، واتە زانایان هەر هەمو بە دڵ مولحیدن، بەمجۆرە شەیتان لە یەکێکەوە بۆ ئەوەی تر بڵاوبوەتەوە و تەشەنەی کردوە، بەڵام ئەگەر ئەم ڕایە بە لای تۆوە شتێکی ماقوڵە، ئەوا تۆ زۆر کەمتر لە زانست دەزانیت بە بەراورد بەوەی کە من لە ئاین دەزانم.

وەلامێکی تر ئەوەیە کە ماریفەتی کەم خەتەرناکە؛ ئەم لاوە تۆزێک شت فێربوە و ئێستا وەها بیردەکاتەوە کە هەمو شتێک دەزانێت، بەلام هەر زوو کە قۆناغی هەرزەکاری جێدەهێڵێت، دەگاتە ئەو قەناعەتەی کە بۆی دەردەکەوێت کە دونیا زۆر ئاڵۆزە و تێدەگات کە خوداوەند پێویستە هەبێت.

من وای بۆ ناچم کە کە لە فکرەکە ڕزگاری بوە. زۆر زانا هەن — خەڵکانێک کە هیوایان وایە کە خۆیان بە کامڵ ناوزەد بکەن — هێشتا ئیمانیان بە خوداوەند نیە. لە هەقیقەتدا، کە وەک دوایی باسی دەکەم، ئەوە نییە کە لاوەکە وا بیردەکاتەوە کە هەمو شتەکە دەزانێت — بەڵکو تەواو پێچەوانەیە.

وەڵامی سێیەم بۆ ئەم پرسە ئەوەیە کە ئەم لاوە بە ڕاستی و دروستی لە زانست ناگات. باوەڕم وا نییە کە زانست دەتوانێت نەبونی خوداوەند بسەلمێنێت، وای دەبینم کە ئەوە شتێکی مەحاڵە. خۆ ئەگەر مەحاڵیش بێت، ئەوە بڕوایەک نییە بە زانست و بە خوداوەند —خوداوەندی ئایینی — کە ئەمەش شتێکە دەشێت هاوتەریب بن.

بەڵێ، دەشێت هاوتەریب بن، هەرچەندە لەوەبەر گوتم کە نیوەی زانایان باوەڕیان بە خالق نییە. بەڵام زۆر هەیە کە باوەڕی بە زانست و خوداوەند هەیە، تەواو بە شێوازێکی هاوتەریب، بەلام ئەم هاوتەریبیە، هەرچەندە جایزە، هەروا کارێکی ئاسان نیە ئنسان بە دەستی بهێنێت، لێرەدا حەزدەکەم گفتوگۆ لەمەڕ دوو شت بکەم: ئەوانیش، یەکەم بۆچی ئاسان نییە بەدەست بێت و دوەمیش، ئایا شایستەی ئەوەیە هەوڵ بدەین بە دەستی بهێنین؟

کە باس لە "بڕوابون بە خوداوەند" دەکەم، بە دڵنیاییەوە، هەمیشە وەک مەتەڵ وەهایە — خودا چییە؟ ئەوەی لێرەدا مەبەستمە، خودایەکی شەخسییە، کە سیمای ئاینەکانی ڕۆژئاوایە، کە نوێژی بۆ دەکەیت و ئەو خودایەی کە پەیوەستە بە خەڵقکردنی گەردون و لە ئاکاردا ڕێنماییمان دەکات.

سەبارەت بەم قوتابیە، کاتێک زانست فێردەبێت، دوو سەرچاوە هەن کە گرفت دەخوڵقێنن لە پێکەوە بەستنەوەی زانست و ئایین بە یەکترەوە. یەکەم سەرچاوە بریتیە لەوەی کە: گومانکردن لە زانستدا شتێکی حەتمیە، بەڵێ بە شێوەیەکی ڕەها حەتمیە، ئەمەش بۆ پێشکەوتنی زانست پێویستە، چونکە هەبونی نایەقینی وەک بەشێکی بنەڕەتی سروشتی ناوەوەی مرۆڤ پێویستە. بۆ فەراهەمکردنی بەرەوپێشەوەچون لە تێگەیشتندا، پێویستە لەسەرمان متەوازیع بین و ئەو بوارە بە خۆمان بدەین کە نازانین. هیچ شتێک یەقین نییە، یاخود لە سەروو گومانەوە نییە. مرۆڤ لە فزولییەوە توێژینەوە دەکات، چونکە شتەکە نەزانراوە، نەک لەبەر ئەوەی وەڵامەکە دەزانێت. پاشان کە زانیارییەکان لە زانستدا بەرەوپێش دەبەیت، ئەوە ناگەیەنێت کە ڕاستی دەدۆزرێتەوە، بەڵکو ئەوە دەردەخەیت کە ئەمە کەم یان زۆر جایزترە.

خۆ ئەگەر توێژینەوەی زیاتر بکەین، بۆمان دەردەکەوێت کە ئەو حاڵەتە زانستیانە بەوجۆرە نین کە ڕاستن یان ڕاست نین، بەڵکو ئەم حاڵەتە زانستییانە لە پلەی جیاجیای یەقیندان. "شتەکە بە جۆرێکە کە هەندێک لە هەندێکی تر ڕاسترن،" یاخود " ئەمە و ئەوە زۆر

نزیکن له یەقینەوە، بەلام هێشتا تۆزێک گومان لەخۆدەگرن،" یان ئەگەر بڵێین ئەوپەڕەکەی " نازانین، هەمو کەسێک کە دێتە سەر چەمکی زانست، لە نێوان تەرازوەکەدایە، بەڵام نە لەسەر هەڵەی ڕەها و نە لەسەر هەقیقەتی ڕەهایە."

بە لای منەوە، پێویستە بەم ئایدیانە قایل بین، نەک تەنها لەبەر خاتری زانست، بەڵکو لەبەر گەلێک شتی تریش، ناساندن و داننان بە جەهالەتدا بەهایەکی بەرزە. هەقیقەتێکە کە کاتێک لە ژیانماندا قەرارێک دەدەین وەک زەرورەت نازانین کە ئێمە بە جۆرێکی راست ئەم قەرارانە دەدەین، تەنها بیر لەوە دەکەینەوە کە باشترین کاردەکەین — دەبێت هەرواش بکەین.

## هەڵوێستی نایەقینی

کاتێک لە راستیدا بۆمان دەردەکەوێت کە لە نایەقینیدا دەژین، ئەوا پێویستە دانی پێدا بنێین، چونکە ئەمە بەهای بەرزی خۆی هەیە کاتێک بۆمان دەردەکەوێت کە وەڵامی پرسیارە جیاجیاکان نازانین. ئەم هەڵوێستەی ئەقڵ — واتە هەڵوێستی نایەقینی — بۆ زانا شتێکی بنچینەییە، هەر ئەم هەڵوێستەی ئەقڵیشە کە قوتابیان پیویستە یەکەمجار بەدەستی بهێنن. کاتێک بەدەست هات، دەبێتە عادەتێکی بیرکردنەوە و کەس ناتوانێت چیتر لێی پاشگەزبێتەوە.

پاشان ئەوەی ڕودەدات، ئەوەیە کە ئەم لاوەی لەمەڕ خۆمان، دەکەوێتە گومانکردن لە هەمو شتێک، چونکە توانستی بینینی شتەکانی وەک ڕاستیەکی ڕەها نییە. بەمجۆرە پرسەکە تۆزێک گۆڕانی بەسەردا دێت، لە فۆرمی " ئایا خوداوەند بونی هەیە؟" دەبێت بە " چەندە دڵنیایی لە ئارادایە بۆ بونی خوداوەند ؟"، ئەم گۆڕانە پەنهانییە وەک سەکتەیەکی گەورە وایە کە جیاکردنەوەی ڕەوتی زانست و ئایین نمایش دەکات. بڕوا ناکەم زانای ڕاستەقینە بە هیچ کلۆجێک بڕوای بە هەمان شێواز بێت. سەرباری ئەوەی کە زانایان هەن باوەڕیان بە خوداوەند هەیە، بەڵام باوەڕناکەم ئەم بڕوابونە ئیلاهییە وەک ئیمانی خەڵکانی ئایینی وا بێت. خۆ ئەگەر هاوتەریب بێت لەگەڵ زانستەکەیاندا، بە ڕای من شتێک بە خۆیان دەڵێن کە زیاتر لەم ڕستەیە دەچێت، " تەقریبەن دڵنیام کە خوداوەند بونی هەیە، گومانەکەش زۆر بچکۆلەیە." ئەمەش تەواو جودایە لەوەی کە بڵێین ، "دەزانم کە خوداوەند هەیە." بڕوا ناکەم کە زانایەک بتوانێت هەرگیز ئەو تێڕوانینە بەدەست بهێنێت — واتە تێگەیشتنی ڕاستەقینەی ئایینییانە، کە بریتیە لە ماریفەتی هەقیقیيانە کە خوداوەند بونی هەیە- ئەو یەقینە ڕەهایەی کە خەڵکانی ئایینی هەیانە.

بێگومان ئەم پرۆسەی گومانئامێزییە هەمیشە بە هێرشکردنە سەر پرسی بونی خوداوەند دەست پێناکات، بە تایبەت مەزهەبە تایبەتەکانی وەکو ژیانی دوای مردن، یاخود وردەکارییەکانی ئایین خۆی وەکو ژیانی عیسای مەسیح دەکەوێتە بەر نەشتەری توێژینەوە. هەرچۆنێک بێت، شتێکی سەرنجراکێشتر دەبو ئەگەر ڕاستەوخۆ و ڕاشکاوانە بچێتە ناوەڕۆکی پرسەکەوە و بکەوێتە باسکردن و مشتومڕ لە تێڕوانینە ڕادیکاڵانەکەی لەمەڕ گومانکردن لە بونی خوداوەند.

هەر کاتێک پرسەکە لە رەها دورخرایەوە و بەرەو سنورەکانی نایەقینی چوو، ئەوا لەوانەیە سەرەنجام لە مەوقیعێکی زۆر جیاوازدا بێت. لە زۆر حاڵەتدا لە یەقین نزیک دەبیتەوە، بەلام لە لایەکی تریشەوە، لای هەندێک کەسان، توێژینەوەی ورد لە تیۆرەکەی بابی وەک پەیامێک لەمەڕ پەروەردگار بەرزی کردوەتەوە لەوانەیە بە دڵنیاییەوە هەڵە بێت.

## باوەڕ بە خوداوەند – و هەقیقەتەکانی زانست

ئەمە، لێرەدا، دەمان باتە لای گرفتی دوەم کە قوتابیەکە تێدەکۆشێت زانست و ئایین پێکەوە گرێ بدات: بۆچی زۆرجار ئنسان دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە باوەڕهێنان بە خواداوەند — بێگومان لێرەدا باس لە خوداوەندی ئایینی دەکەین — بە شتێکی زۆر ناقۆڵا دابنرێت،

بەلام ئەمە وا نییە، بە لای منەوە وەڵامەکە پەیوەستە بە شتە زانستییەکانەوە — هەقیقەتەکان یاخود ئەو شتانەی تا ڕادەیەک هەقیقەتن — کە مرۆ فێریان دەبێت.

بۆ نمونە قەبارەی گەردون شتێکی زۆر سەرسوڕهێن و مایەی سەرسامیەکی مەزنە، چونکە ئێمە لەسەر تەنۆلکەیەکی بچکۆلەین کە بە دەوری خۆردا دەسوڕێتەوە، ئەمەش کەوتوەتە نێو سەدان هەزار ملیۆن خۆرەوە لەم گالەکسیەدا. کە ئەمەش لە نێو بلیۆنێک گالاکسیدایە.

دیسانەوە، پەیوەندییەکی نزدیک لە نێوان مرۆڤی بایۆلۆژیی و ئاژەڵدا هەیە، هەروەک چۆن جیاوازی لە فۆرمێکی ژیانەوە بۆ فۆرمێکی تر هەیە. ئنسان، لەم درامای پەرەسەندنە فراوانەدا زۆر درەنگوەخت هاتۆتە سەر تەختی ژیان، ئایا دەشێت ئەوەی تر کە هەیە، جگە لە پەیژەیەک بۆ خەڵقکردنی ئنسان هیچی تر بێت؟

پاشانیش، وەک دەردەکەوێت شتەکان هەر هەمو، بە هۆی چەند یاسایەکی نەگۆڕەوە، لە ئەتۆمەکان دروست بون. هیچ شتێک لەمانە بەدەر نییە، بۆ نمونە ئەستێرەکان لە هەمان شت (ئەتۆم) پێکهاتون، ئاژەڵانیش هەر لە هەمان شت پێکهاتون، بەڵام بە فۆرمێکی وەها ئاڵۆز کە بە شێوازێکی وەها پەنهانییانە ژیانی تێدایە — وەک ئنسان خۆی.

گەڕان و وردبونەوە بە پانتایی گەردونی ئەو دیو سنورەکانی ئنساندا و بیرکردنەوە بەوجۆرەی کە بە بێ مرۆڤ گەردون چی دەگەیەنێت سەرکەشیەکی مەزنە، هەروەک چۆن هەمان شت ڕاستە سەبارەت بە مێژوی دورودرێژی گەردون. کاتێک لە سەرەنجامدا ئەم تێڕوانینە بابەتیە بە دەست دێت و پەنهانی و مەزنی مادە بە بەها دەگیرێت، ئنجا بە چاوی بابەتیەوە ئاوڕ دەدەینەوە و مرۆڤ وەک مادە سەیردەکرێت، ژیان وەک بەشێک لە پەنهانی گەردونی بە قوڵییە مەزنەکەیەوە سەیردەکرێت، ئەمەش بۆ خۆی چونە ناو ئەزمونێکە کە بە دەگمەن وەسف دەکرێت. ئەم شتانە عادەتەن بە پێکەنین و شادمانی کۆتایی دێن چونکە هەوڵدان بۆ تێگەیشتن بێ ئەنجامە. ئەم جۆرە بیروڕا و تێڕوانینە زانستیانە بە ترس و پەنهانی کۆتایی دێن، لە کەنارەکانی نایەقینیدا بزر دەبن، بەڵام وەها قوڵ و سەرسوڕهێن دێنە بەرچاو کە ئەو تیۆریەی دەڵێت هەمو ئەمانە بە شێوازێکی سادە و ساکار لە لایەن خوداوە تەنزیم کراون بۆ ئەوەی لە هەوڵ و تێکۆشانی ناتەواوی مرۆ بۆ چاکە و خراپە بڕوانێت.

بەمجۆرە با وا دابنێین کە ئەمە مەسەلەکەیە بۆ قوتابیە تایبەتەکەی خۆمان، قەناعەتەکەشی وەها گەشە دەکات کە وا باوەڕ دەکات گوێ لە تاکەکەس ناگیرێت. (من هەوڵنادەم کە ناواقیعی بونی خوداوەند بسەلمێنم، بەڵکو هەوڵدەدەم کە چەند فکرەیەکت بدەمێ لەمەڕ ئەوەی کە بۆ زۆرێک وا بیردەکەنەوە کە چونە کڵێسە وەخت بەفیڕۆدانە). وەک دەرەنجامێکی ئەم گومانە و گومانەکە خۆی بوە هۆی سەرهەڵدانی گرفتی ئاکاری، چونکە، لە ئایینداا، هەروەک ئەو فێری بووە، گرفتە ئاکارییەکان پەیوەستن بە وشەی خوداوەندەوە و خۆ ئەگەر خوداوەند بونی نەبێت ئەوا وشەکەی ئەو دەبێ چی بێت؟ بەڵام، ئەوەی مایەی سەرسوڕمانە، هەروەک من ڕام وایە، لە ئاکامدا گرفتە ئاکارییەکان بە بێ ڕوشاندن کۆتاییان دێت، یەکەمجار قوتابییەکە لەوانەیە بڕیاربدات و بڵێت کە کۆمەڵە شتێک بە ئاڕاستەیەکی هەڵەدا گوزەریان کرد، بەلام دوایی عادەتەن بیروڕاکەی پێچەوانە دەبێتەوە و سەرەنجامیش تێڕوانینەکەی لەمەڕ ئاکارەوە بە شێوەیەکی بنەڕەتییانە جیاواز نابێت.

لێرەدا وەها دێتە بەرچاو کە جۆرە سەربەخۆییەک لەم بیرکردنەوانەدا هەیە. لە کۆتاییدا دەشێت ئنسان گومان لە ئیلاهی عیسای مەسیح بکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە توندی باوەڕی بەوە هەبێت کە شتێکی باشە لەگەڵ دراوسێکەتدا هەڵبکەیت، هەروەک ئەویش

چۆن لەگەڵ تۆدا هەڵدەکات. دەشێت ئنسان هەردوک ئەم بیروباوەڕانەی لە هەمان کاتدا هەبێت، هەر بۆیەش هیوادارم هاوڕێ زانا مولحیدەکانم لەگەڵ کۆمەڵگەدا بە باشی هەڵبکەن و ڕێزی کۆمەڵ بگرن

## کۆمۆنیزم و تێڕوانینی زانستی

چونکە وشەی مولحید پەیوەستە بە کۆمۆنیزمەوە، پێم خۆشە لیرەدا ئیشارە بدەم بەوەی کە تێڕوانینی کۆمۆنیستیانە دژی زانستە، ئەمەش لەو بیرکردنەوەوە دێت کە لە کۆمۆنیزمدا وەڵامی پرسیارەکان سەبارەت بەم مەسەلانە – جا پرسیارەکان سیاسی بن یان ئاکاری – بە بێ هیچ گفتوگۆیەک و بە بێ هیچ گومانێک دراونەتەوە. بەڵام تێڕوانینی زانستی تەواو پێچەوانەی ئەمەیە، پێویستە گومان لە هەمو پرسیارەکان بکرێت و گفتوگۆیان لەمەڕ بکرێت، پێویستە مشتومڕ لەمەڕ هەمو شتێک بکەین – لە شتەکان وردبینەوە و دیقەتیان بدەین، تەحقیقیان لەگەڵ بکەین و ئەگەر پێویست بکات گۆڕانکارییان تێدا بکەین. حکومەتی دیموکراسی زۆر لەم ئایدیایە نزیکترە، چونکە بواری گفتوگۆ هەیە و دەرفەتێک لە ئارادایە بۆ چاکسازی. هیچ تاکێک نیە بە تەنها کەشتیەکە بە ئاڕاستەی ناکۆتا بەرێت. ڕاستە، ئەگەر ئایدیاگەلێکی تۆتالیتاری و زاڵمت هەبێت و دەزانیت چی ڕاستە کە بکرێت، ئەوە شتێکی حاسمە و ئەوەی دەیکەیت شتێکی باش دیارە –ئەمە بۆ فەترەیەک و تا سنورێک وایە. بەلام هەر زو پاپۆڕەکە بە ئاڕاستەیەکی هەڵەدا مل دەنێت، بە جۆرێک، چیتر، هیچ کەس ناتوانێت ئاڕاستەکە ڕاست بکاتەوە و چاکی بکاتەوە. بەمجۆرە نایەقینیەکانی ژیان لە دیموکراسیدا زۆر زیاتر لەگەل زانستدا هاوشانن.

هەرچەندە زانست گەلێک کاردەکاتە سەر زۆر لە فکرە ئایینیەکان، بەلام کارناکاتە سەر ناوەڕۆکی ئاکاری. ئایین زۆر لایەنی هەیە؛ وەلامی هەمو جۆرە پرسیارێک دەداتەوە. یەکەم، بۆ نمونە، وەڵامی پرسیاری وەکو شتەکان چین؟ لە کوێوە هاتون؟ ئادەمیزاد چییە؟ خودا چییە؟ – خاسیەتەکانی خالق چین؟ ئیتر بەمجۆرە. بوارم بدەن کە ئەمە ناوبنێم لایەنی میتافیزیکی ئایین، شتێکی تریشمان پێ دەڵێت – چۆن هەڵسوکەوت بکەین و رەفتارمان چۆن بێت. واز لەوە بهێنە کە لە ئاهەنگدا ڕەفتارمان چۆن بێت و چ تقوسێک ئەنجام بدەین، من مەبەستم لەوەیە کە پێمان دەڵێت لە ژیاندا بە گشتی چۆن هەڵسوکەوت بکەین، واتە لە ڕوی ئەخلاقییەوە. وەڵامی پرسیارە ئەخلاقییەکان و پرۆگرام و پەیڕەوی ئیتیکیمان ethical code دەداتەوە. مۆڵەتم بدەن کە ئەمە ناوبنێم لایەنی ئیتیکی ئایین.

ئێستا دەزانین کە تەنانەت بەها مۆراڵییەکان دراون بە خەڵک، ئادەمیزاد زۆر لاوازە، دەبێت ئەم بەها مۆراڵییانەیان بیر بخرێتەوە بۆ ئەوەی بتوانن دوای ویژدانی خۆیان بکەون. شتەکە هەر ئەوە نییە بڵێیت کە ویژدانێکی ڕاستت هەبێت، بەڵکو مەسەلەکە لەوەدایە کە چۆن بتوانین ئەو قودرەت و هێزە وەها رابگرین کە بزانین چی ڕاستە. پاشان زەرورییە کە ئایین هێز و دڵخۆشیمان دەداتێ کە دوای ئەم بیروڕا مۆراڵییانە بکەوین، ئەمە لایەنی ئیلهامبەخشی ئایینە، چونکە تەنها لە لایەنی مۆراڵییەوە ئیلهاممان پێ نابەخشێت، بەڵکو لە هەریەک لە بوارەکانی هونەر و هەمو جۆرە بیرکردنەوە گەورەکان و چالاکییەکانی تردا هانمان دەدات.

## پەیوەستە ناوەکییەکان

ئەم سێ لایەنەی ئایین پێکەوە پەیوەستن و بە گشتی دەرکی پێ دەکرێت کە هەمو پێکەوە سیستەمێکی تەواوکارن، جا بۆیەش هێرشکردنە سەر هەر سیمایەکی ئەم سیستەمە هێرشکردنە بۆ سەراپای بونیاتی سیستەمەکە. هەر سێ لایەنەکە، کەم و زۆر، بەمجۆرە پێکەوە گرێدراون و پەیوەستن: لایەنی ئاکاری (ئەخلاقی)، وشەی خودایە – کە ڕاپێچمان دەکات بۆ پرسێکی میتافیزیکییانە. پاشان ئیلهام بەخشین دێت، چونکە مرۆ کە کاردەکات بە ئیرادەی خودا کاردەکات و هەست دەکات لەگەل خوادایە، ئەمەش ئیلهامبەخشێکی گەورەیە، چونکە کارەکان و چالاکییەکانی ئەو کەسە لەگەڵ گەردون تەماس دەگرن.

بەمجۆرە، ئەم سێ لایەنە زۆر باش لە ناوەوە پێکەوە گرێدراون. گرفتەکە لێرەدایە: زانست جارجارە لەگەڵ لایەنی یەکەم ململانێ دەکات — کە لایەنی میتافیزیکی ئایینە. بۆ نمونە، لە رابردودا ئەو مشتومڕە هاتەئاراوە کە ئایا عەرد چەقی گەردونە یان نەء؟ — ئایا عەرد بە دەوری خۆردا دەسورێتەوە یان وەستاوە؟ ئەنجامی هەمو ئەمانە ناکۆکییەکی ترسناک و سەخت بو، بەڵام لە کۆتاییدا حل بو — ئایین لەم مەسەلەیە بە تایبەت پاشەکشەی کرد. لەم دواییەشدا، کێشمە لەسەر ئەو پرسە هەبو کە ئایا ئادەمیزاد بناوانێکی ئاژەڵی هەیە؟

ئەنجامی زۆر لەم حاڵەتانە بریتیە لە پاشەکشەی تێڕوانینی میتافیزیکیانەی ئایینی، بەڵام هەرچۆنێک بێت، ئایین هەرەس ناهێنێ، لەگەڵ ئەوەشدا، پێدەچێت کە گۆڕانی مەلموس یان بنەڕەتی لە تێڕوانینی ئاکاریدا نەبێت.

لە دوای هەمو ئەمانەش، عەرد بە دەوری خۆردا دەسوڕێتەوە — جا باشتر نییە ئەگەر دراوسێکەت شەڕی لەگەڵ کردی، ئەوا شەڕی لەگەڵ مەکەرەوە[i]، چ فەرق دەکات، ئەگەر عەرد وەستاو بێت یان بە دەوری خۆردا بسوڕێتەوە؟ دەشێت دیسانەوە چاوەڕوانی ململانێی تر بکەین. زانست پەرەدەسێنێت و شتی نوێ دەدۆزرێتەوە و دێتە ئاراوە و لەگەڵ تیۆریی میتافیزیکییانەی ئەم ڕۆژگارەی هەندێک ئاییندا ناکۆک دەبێت. لە هەقیقەتدا، سەرباری ئەو هەمو پاشکشەی ئایین لە رابردودا، هێشا ململانێی ڕاستەقینە لای هەندێک تاکەکەس هەن کە سەرقاڵی خوێندن و فێربونی زانستن و لە هەمان کاتیشدا لەمەڕ ئایین شتیان بیستوە. دیارە شتەکە هێشتا بە باشی نەچۆتە فەزایەکی کەماڵەوە و تەبایی فەراهەم ببێت، هێشتا ململانێی هەقیقی لە ئارادایە — کەچی لەگەڵ ئەوەشدا کاریگەیان لەسەر ئاکارەکان نییە.

لە هەقیقەتدا، لەم دەڤەرە میتافیزیکیەدا، ململانێکە دو ئەوەندە سەختە. یەکەم، دەشێت هەقیقەتەکان لە ململانێدا بن، خۆ ئەگەر لە ململانێشدا نەبن، ئەوە هەڵوێستەکە جیاوازە. ڕۆحی نایەقینی لە زانستدا هەڵویستێکە لە هەمبەر پرسە میتافزیکیەکان تەواو جودایە لەو یەقین و ئیمانەی لە ئاییندا پێویستە. من باوەڕم وایە کە موتڵەقەن ململانێ هەیە — لە هەردوک هەقیقەت و ئیماندا — لەمەڕ لایەنە میتافیزیکییەکانی ئاییندا.

بە رای من، ناشێت کە ئایین چەند فکرەیەکی میتافیزیکیانە نەهێنێتە ئاراوە کە گارانتی ئەوە بدات نەخزێتە فەزای ململانێوە لەگەڵ زانستێک کە هەمیشە بەرەو پێش و هەمیشە بەرەو گۆڕان هەنگاو هەڵدەگرێت و بە ئاڕاستەی نادیار دەجولێت. نازانین چۆن وەڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە؛ مەحاڵە وەڵامێک بدۆزینەوە کە ڕۆژێک لە ڕۆژان هەڵە دەرناچێت. گرفتەکە سەرردەردەهێنێ چونکە زانست و ئایین، هەردوک دەکۆشن و هەوڵ دەدەن لە نێو هەمان ئەم مەملەکەتەدا وەڵامی پرسیارەکان بدەنەوە.

## زانست و پرسە ئاکارییەکان

لە لایەکی ترەوە، باوەڕناکەم کە ململانێی ڕاستەقینە لە ڕوی ئنتیکیەوە لەگەڵ زانستدا دروست ببێت، چونکە بڕوام وایە کە پرسە ئەخلاقییەکان دەکەونە دەرەوەی سنورەکانی مەملەکەتی زانستەوە.

با لێرەدا سێ یان چوار بەهانەتان بۆ بهێنمەوە کە بۆچی باوەڕم بەمە هەیە. یەکەم، ململانێ لە نێوان زانست و تێڕوانینی ئاییندا لە ڕابردوودا هەبوە و لایەنی میتافیزیکییانەی لەخۆگرتوە، لەگەڵ ئەوەشدا، تێڕوانینە ئەخلاقییە کۆنەکان هەرەسیان نەهێناوە و نە گۆڕان. دوەم، خەڵکانی باش هەن کە ئەخلاقی مەسیحییانە پراکتیزە دەکەن و باوەڕیان بە گیانی ئیلاهییانەی مەسیح نییە. ئەمانە هەست بە دژایەتی ناکەن.

سێیەم، هەرچەندە بڕوام وایە کە جار جار بەڵگەی زانستی دەدۆزرێتەوە و لەوانەیە تا ڕادەیەک وەک بەڵگەی لایەنێکی تایبەتییانەی ژیانی مەسیح، یان هەندێک فکرەی تری میتافیزیکییانەی ئایینی، نمایش بکرێت، لای من هیچ بەڵگەیەکی زانستی لە ڕێسایەکی ئاڵتونییەوە نییە. ئەم مەسەلەیە لای من تا ڕادەیەک جیاوازە.

ئێستا، با سەیر بکەین و بزانین ئەگەر بتوانین تەفسیرێکی فەلسەفییانە لەمەڕ ئەوەی بۆچی جودایە — چۆن زانست ناتوانێت کاریگەری هەبێت لەسەر بنەما بنەڕەتییەکانی ئەخلاقی.

گرفتی نمونەیی مرۆ، گرفتێک کە ئایین مەبەستێتی وەڵامەکەی بداتەوە، فۆرمەکەی هەمیشە بەمجۆرەیە: ئایا دەبێت ئەم کارە بکەم؟ ئەم کارە بکەین؟ ئایا دەبێ حکومەت ئەم کارە بکات و ئەوە بکات؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسە، دەتوانین بیکەینە دو بەش: یەکەم — ئەگەر ئەم کارە بکەم، چی ڕودەدات؟ دوەمیش: لە ڕوی بەهای باشییەوە چی لێ پەیدا دەبێت؟

پرسی لەم جۆرەی وەک: ئەگەر ئەمە بکەم، چی ڕودەدات؟ پرسێکی زانستییە. وەک هەقیقەتێک، دەتوانرێت زانست وەک میتۆدێک یان وەک هەیکەلێک لە زانیاری پێناس بکرێت، ئەویش بە هەوڵدان بۆ وەڵامدانەوەی تەنها ئەو پرسیارانەی کە دەگۆڕدرێت بۆ ئەم فۆرمە: ئەگەر ئەمە بکەم، چی ڕودەدات؟ تەکنیکەکەی، لە بنەڕەتدا، بریتیە لە: تاقی بکەمەوە و بزانم چی دەبێت. پاشان بڕێکی زۆر زانیاری لەم جۆرە خبرانە کۆدەکەیتەوە. هەمو زانایان کۆکن لەسەر ئەوەی کە پرسێک— هەر پرسێک بێت، جا فەلسەفی بێت یاخود هەرچییەکی تر بێت — نەتوانرێت بخرێتە ئەو فۆرمەوە کە بە بە تاقیکردنەوەدا بڕوات (یاخود بە زمانێکی سادە بڵێین بچێتە چوارچێوەی فۆڕمی: ئەگەر ئەمە بکەم چی ڕودەدات؟) ئەوا پرسێکی زانستی نییە؛ ئەوە دەکەوێتە دەرەوەی سنورەکانی مەملەکەتی زانستەوە.

من ئەو بانگەشەیە دەکەم کە ئەگەر بتەوێت شتێک ڕوبدات یان نەء — چ بەهایەک لە ئەنجامەکەیدایە، چۆن حوکم بەسەر بەهای ئەنجامەکەدا دەدەیت ( کە هەمان ئەو بەشەی پرسەکەیە کە دەڵێت: ئایا ئەمە بکەم؟) — ئەوا پێویستە ئەم شتە بکەوێتە دەرەوەی سنوری زانستەوە، چونکە ئەمە پرسێک نیە کە بتوانیت تەنها بەوە وەڵام بدەیتەوە کە دەزانیت چی ڕودەدات ، بەڵکو دەبێت ئەو حوکمە بدەیت کە لە باری ئەخلاقیەوە چی ڕودەدات. بەمجۆرە، لەبەر هۆکاری تیۆری، وای بۆ دەچم کە یەکانگیرییەکی تەواو لە نێوان تێڕوانینی ئەخلاقی — یاخود لایەنی ئیتیکی ئایین — و زانیاری (مەعلومات) زانستیدا هەیە.

ئەگەر بچینە لایەنی سێیەمی ئایین — لایەنی ئیلهامبەخشین — ئەوا ڕاپێچمان دەکات بۆ پرسە ناوەندەکە کە حەزدەکەم پێشکەشی ئەم مێزگەردە خەیاڵییەی بکەم. سەرچاوەی ئیلهام لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا — بۆ قودرەت و بەختەوەری — لە هەر ئایینێکدا بێت زۆر لە نزیکەوە بەستراوە بە لایەنی میتافیزیکییەوە؛ واتە ئیلهام لەوەوە دێت کە کار بۆ خوداوەند دەکەین و ملکەچی ئیرادەی ئەوین، واتە هەست بەوە دەکەین لەگەڵ خوداوەندا یەکین. کاتێک ئنسان گومان لە بونی خوداوەند دەکات — ئەگەر چی گومانەکە لە پلەیەکی نزمیشدا بێت — ئەوا تەماسی عاتیفی بە فەرمایشی ئەخلاقییەوە بە ئاراستەی لاوازبون دەڕوات؛ بەمجۆرە کاتێک بڕوابون بە خوداوەند دەچێتە فەزای نایەقینەوە، ئەوا ئەم میتۆدە تایبەتەی بەدەستهێنانی ئیلهام نوشوستی دێنێت.

وەڵامی ئەم پرسە ناوەندییە نازانم — واتە پرسی پارێزگاریکردنی بەها ڕاستەقینەکانی ئایین، وەک سەرچاوەی قودرەت و هاندانیک بۆ هەمو خەڵک، لە کاتێکدا، لە هەمان کاتدا، کە پێویست بە ئیمانی ڕەهای لایەنە میتافیزیکەکان نەکات.

## میراتیەکانی شارستانیەتی ڕۆژئاوا

لای من، شارستانیەتی ڕۆژئاوا لەسەر بنەمای دو میراتی گەورە وەستاوە. یەکێکیان بریتیە لە ڕۆحی سەرچڵانەی زانستی – ئەو سەرچڵییەی کە نادیارە، نادیارە و دەبێت وەکو نادیار بناسرێت، ئەمەش بۆ ئەوەی لە دوی بگەڕێین؛ ئەو داوایەی کە پەنهانییەکانی گەردون وەڵام نەدراونەتەوە هەر بە بێ وەلام دەمێننەوە، ئەو هەلوێستەی کە هەموی نایەقینییە — بە کورتییەکەی تەوازیعی ڕۆشەنفکران. دوەم میراتی گەورەش بریتیە لە ئیتیکی ethics مەسیحی — کە بنچینەی کارکردنە لەسەر موحیبەت، برایەتی هەمو خەڵک و بەهای تاکەکەسی — واتە تەوازوعی ڕۆحی.

هەردوک میراتیەکە، لە روی لۆژیکییەوە، بە وردی پێکەوە گرێدراون، بەڵام لۆژیک هەمو شتێک نییە، ئنسان پێویستی بە دڵی یەکێکی ترە بۆ ئەوەی دوای فکرەیەک بکەوێت. ئەگەر خەڵک بگەڕێنەوە بۆ ئایین، بۆ چ شتێک لە ئاییندا دەگەڕێنەوە؟ ئایاماڵی خودا جێگایەکە ببێتە مایەی بەختەوەری مرۆیەک کە زیاتر لە یەکێکی ئیماندار گومان لە خوداوەند دەکات؟ ئایا کڵێسەی هاوچەرخ جێگایەکە بۆ بەخشینی ئەم جۆرە بەختەوەرییە؟ ئایا هەتا ئێستا، ئەم قودرەت و بەختەوەرییەمان نەبوە کە ئەم دو میراتییە پێکەوە بهێڵینەوە، بە جۆرێک یەکێکیان هێرش نەکاتە سەر بەهاکانی ئەوی تریان؟ ئایا ئەمە شتێکە ناتوانین خۆمانی لێ بە دور بگرین؟ چۆن دەتوانین ئەو ئیلهامە بە دەست بهێنین بۆ پشتگیریکردنی ئەم دو پایەی شارستانیەتی ڕۆژئاوا بۆ ئەوەی هەردوک زیندو بە پێوە بوەستن و لە یەکتر سڵ نەکەن و نەترسن؟ ئایا ئەمە پرسی ناوەندی ئەم زەمەنەمان نیە؟

ئەمە دەخەمە بەردەم مێزگەردەکە بۆ گفتوگۆکردن.

سەرچاوە:

The Pleasure of Finding Things Out: The Best Short Works of Richard Feynman (Paperback 2001) pp 245 – 257.

وەرگێڕانی: شێرکۆ ڕەشید قادر sherkodylan@gmail.com

[i] ڕیچارد فینمان لێرەدا ئەو فەرمودەیەی مەسیح دێنێتەوە کە دەڵێت ئەگەر زلەیەکیان لێدای ڕومەتەکەی تریان بدەرێ با زلەیەکی ترت لێ بدەن، واتە ئەگەر لێشت بدەن شەڕ مەکە.